
# ده ساڵ ڕۆیشت !

ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا
2007 - 1997



کە دێمەوە تۆ لە ماڵ نیت ،
دەرگاکەم لێ بکەیتەوە !
توند باوەشت پێدا بکەم !
بتنووسێنم بە سنگمەوە !
کە دێمەوە پەنجەرەکان ،
پەپوولەی باڵ داخراوی
نێو هالاو و تەمی خەستن !
کە دێمەوە باڵندەکان ،
شەوارە بووی
قژی ڕەشی زبری شەون !
کە دێمەوە کەس نابینم ،
چاوم لێ یە دەرگای ماڵە قوڕینەکان
لەسەر پشتن !
لەمیانەوە کارەساتێك ..
لەویانەوە مەینەتی یەك
دەچێتە ژوور !
من نەبێ کێ ئا بەم شەوە مات و تارە
هەنیەی شیعر بەدی دەکا !؟
چرایەك دادەگیرسێنێ !؟
تا باڵندە ڕووی تێ بکا !
بۆ کردنەوەی پەنجەرەیێ
دەستێکی خۆی بەخت بکا !؟
کە دێمەوە شار کپ و چۆڵ
کەس نابینم !

دڵم وەکو پشیلەی ناو تەنەکەی خۆڵ

بە سرپەیەك خورپە دەکا !

کە دێمەوە ئەم ژوور ئەو ژوور ،

تۆ هەر دیار نیت !

تا دایکمی سەرتا پا ڕەش دەردەکەوێ ،

ئەوجا لە جێی خۆم دەوەستم ،

جانتای ماندووم دادەنێم و ،

تێدەگەم کە جارێکی تر ناتبینمەوە !!

دەساڵ ڕۆیشت وا دەزانم بەیانی یە

بۆ بەرچایی ،

قەمسەڵەکەت دا بە شانتا ،

تا نانێکی کونجی گەرم و ،

جامێك ماستی بۆ سووت بێنی ،

ڕۆیشتیت و نەهاتی یەوە !!

دەساڵ ڕۆیشت وا دەزانم ئێوارەیە

دوای شێو خواردن ..

بۆ لەزەتی دوکەڵ کردن ،

تۆم نارد جگەرەیەك بێنی ..

ڕۆیشتیت و نەهاتی یەوە !!

دەساڵ ڕۆیشت ، هێشتا پەڕەی

دۆسێی غەدری ون بوونی تۆ

دەمەو بەیان بای تووی مەلیك

دێنی و دەبیا !!

دەساڵ ڕۆیشت ، خواش نەیپرسی

ئەو تۆپەڵە خوێنە چی یە ؟

بە دیواری مەکتەبەکەی ،

(( شەهید جەمال تاهیر )) ە وە !؟

دەساڵ ڕۆیشت

ئێستا دڵم شیعرێکە مات !!
بەو هیوایەی کە لەو دونیا ،
بە دیدارت شاد ببمەوە !
وشەکانی دڵیان نایەت
(( قردیلەی ڕەش ))
لە سووچێکی وێنەت بدات !!
دەساڵ ڕۆیشت ، ئێستاش دایکم
هەر (( شەماڵە )) دەگرێتەوە !
بەو نیازەی کە ڕێبوارێ
تێپەر ببێ و ،
بڵێ ( ڕۆژێ هەر دێتەوە !! )

****************